سەرۆکی میت ئیبراهیم کاڵن لە دۆحە لەگەڵ ئیسماعیل هەنییە کۆبوویەوە

سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی تورکیا (میت) ئیبراهیم کاڵن لە دۆحەی پایتەختی قەتەر لەگەڵ سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی حەماس ئیسماعیل هەنییە و شاندێکی یاوەری کۆبوویەوە.

بە پێی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوە ئەمنییەکانەوە بە دەست گەیشتوون، لە کۆبوونەوەکەدا پرسەکانی پەیوەندیدار بە ئاڵوگۆڕی دیلەکان، دۆخی غەززە، هەوڵەکان بۆ ئاگربەست و لادانی ئەو گەمارۆیەی خراوەتە سەر غەززە باسی لێوە کرا.

لە کۆبوونەوەکەدا بە تایبەتی چۆنییەتی گەیاندنی یارمەتیی مرۆییانە بە خەڵکی فەڵەستین تاوتوێ کرا و جەختیش لەوە کرایەوە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەڵەستینی کە پایتەختەکەی قودس بێت، بنەمایەکە بۆ سەقامگیری ناوچەکە.